گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 9, No. 2, pp. 185–198, June -2021
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# نیشانکار لە نێوان زمانی کوردی ( شێوەزاری خۆشناوەتی) و زمانی ئینگلیزی (دیالێکتی بەریتانی) دا "لێکۆڵینەوەیەکی بەراودرکارییە"

خەسرۆ ئەحمەد [*] ڕەسول و ڕەوەند سەباح ئەحمەد

وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر ، هەرێما کوردستانیّ– عیراق.

وەرگرتن: 2020/03 پەسەندکرن: 2021/05 بەلاڤکرن: 2021/06 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2021.9.2.676

## پۆختە:

ئەم توێژینەوەیە ناونیشانەکەی بریتییە لە "نیشانکار لە نێوان زمانی کوردی (شێوەزاری خۆشناوەتی) و زمانی ئینگلیزی (دیالێکتی بەریتانی) دا." ئامانج لێی لێکۆڵینەوەیە لە جۆرەکانی دەربرینە نیشانکارەکان لە هەردوو زماندا، بۆ ئەوەی جیاوازی و لێکچوونەکان دیاری بکات. چەمکی نیشانکار دیاردەیەکی زمانەوانییە و چەند دەربرینێك لەخۆدەگرێت، کەبریتین لە کەس، کات، شوێن، کۆمەڵایەتی و دەق. ئەمەش لە ڕێگای نیشانکارەکانەوە دەبێت، کە ڕۆڵ لە ئاخاوتندا دەبینن. نیشانکارەکان لە ڕێگای جێناوی کەسی و جێناوی نیشانە و ئاوەڵکاری کات و شوێن و دەمەکانی کار و زاراوەکانی خزمایەتی و ...هتد دیاردەکرێن. نیشانکارەکان زمان و دەوروبەر پێکەوە دەبەستنەوە، بۆئەوەی ئەو لێڵییەی لە گوتندا هەیە بیرەوێنێتەوە و کردەی تێگەیشتن بە دروستی بێتەئاراوە. ئەم توێژینەوە یە لە پێشەکی و دوو بەش پێکدێت. لە پێشەکیدا باسی ئەمانە کراوە: ناونیشان ، هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە و ئاستی لێکۆڵینەوەکە، سنووری لێکۆڵینەوەکە و ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە. هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە ئەوەیە، کە تا ئێستا نیشانکار لەنێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی بەراوردنەکراوە و دەستی توێژینەوەی پێ نەگەیشتووە، هەروەها ئەم لێکۆڵینەوە ئاسانکاری بۆ ئاخێوەری زمانی کوردی (شێوەزاری خۆشناوەتی) دەکات ، کە بە دروستی لە زمانی ئینگلیزی (دیالێکتی بەریتانی) بگات. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازی وەسفیی سینکرۆنیی بەراوردکارییە. ئاستی لێکۆڵینەوەکە پراگماتیکە، بەڵام لە کاتی پێویستدا، چووەتە نێو سیمانتیك و سینتاکس. سنووری لێکۆڵینەوەکە شێوەزاری خۆشناوەتی و دیالێکتی بەریتانی دەگرێتەوە، واتە لە ڕووی نموونەی زمانییەوە، نموونەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی لە ئاخێوەرانی ڕۆژانەی شێوەزارەکەوە وەرگیراوە و هی زمانی ئینگلیزیش،نموونەی گوتراو و نووسراوی دیالێکتی بەریتانییە .
بەشی یەکەم تایبەتە بە باسی نیشانکار لە زمانی کوردی (شێوەزاری خۆشناوەتی).
بەشی دووەم تایبەتە بە نیشانکار لە زمانی ئینگلیزی ( دیالێکتی بەریتانی) و ئەو ڕەگەزە زمانییانەی بەکاردێن بۆ دیاریکردنیان، ئەنجا باسی ئەو ئەنجامانە دەکات، کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، کە تیایدا لایەنی لێکچوون و جیاوازی نێوان هەردوو زمانی کوردی (شێوەزاری خۆشناوەتی) زمانی ئینگلیزی (دیالێکتی بەریتانی) دەخاتەڕوو،لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو.

**پەیڤێن سەرەکی**: نیشانکار، ئینگلیزی، کوردی ، کات ، شوێن، کۆمەڵایەتی، دەق.

[*] ڤەکولەریّ بەرپرس.

گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 9, No. 2, pp. 185–198, June -2021
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ب | بکەر |
| بە ر | بەرکاری ڕاستەوخۆ |
| بە نا | بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| دیا | دیارخەر |
| د ب | دیالێکتی بەریتانی |
| د با | گۆڤەری دۆلی بالیسان |
| س پ | سەرچاوەی پێشوو |
| ش خ | شێوەزاری خۆشناوەتی |
| گ هـ | گوندی هەرتەل |
| گ بە | گوندی بەرۆژە |
| گ بێن | گوندی بێناتان |

## 1. پێشەکی

### 1.1. ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ناونیشانەکەی بریتییە لە نیشانکار لە نێوان زمانی کوردی (شێوەزاری خۆشناوەتی) و زمانی ئینگلیزی (دیالێکتی بەریتانی) دا. بواری لێکۆڵینەوەکە پراگماتیکە ، بەڵام لە کاتی پێویستدا چووەتە نێو سیمانتیك و سینتاکسەوە.

### 2.1. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە، ئەوە بوو لێکۆڵینەوە لە نیشانکارەکان لە هەردوو( ش خ) و ( د ب) بکرێت، بۆ ئەوەی جیاوازی و لێکچوونەکان دیاری بکرێت و ئاخێوەری کوردی (ش خ)، کاتێك بە زمانی ئینگلیزی ( د ب) قسەدەکات، ئەوا بتوانێت بە دروستی مەبەستەکەی بگەیەنێت و بە دروستیش لە ئاخێوەری (د ب) بگات، هەروەها ئەم ناونیشانە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکراوە.

### 3.1. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

نموونەکانی (ش خ) لە ئاخێوەرانی ڕۆژانەی شێوەزارەکەوە وەرگیراون، هی ( د ب) یش، لە دەقی نووسراو و گوتنیان وەرگیراوە.

### 4.1. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازی وەسفیی سینکرۆنیی بەراوردکارییە.

### 5.1. ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوە یە لە پێشەکی و و دوو بەش پێکدێت.

بەشی یەکەم باسی چەمکی نیشانکار و تایبەتمەندییەکانی نیشانکاردەکات، هەروەها تایبەتە بە باسی نیشانکار لە زمانی کوردی (شێوەزاری خۆشناوەتی) ، کە بریتین لە نیشانکارەکانی کەس،کات،شوێن،کۆمەڵایەتی و دەق.

بەشی دووەم تایبەتە بە نیشانکار لە زمانی ئینگلیزی ( دیالێکتی بەریتانی) و ئەو ڕەگەزە زمانییانەی بەکاردێن بۆ دیاریکردنیان.

دواتر ئەنجامەکان خراوەتەڕوو و لایەنی لێکچوون و جیاوازیی نێوان نیشانکار لە زمانی کوردی (شێوەزاری خۆشناوەتی) و زمانی ئینگلیزی (دیالێکتی بەریتانی)  باسکراوە. لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو.

## 2. بەشی یەکەم

### 1.2. چەمکی نیشانکار:

چەمکی نیشانکار زاراوەیەکی پراگماتیکییەو زمان و دەوروبەر پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆئەوەی ئەو لێڵییەی لە گوتندا هەیە بڕەوێنێتەوەو کردەی تێگەیشتن بە دروستی بێنێتەئاراوە. دەوروبەر ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ڕەواندنەوەی ئەو تەمومژییەی لە گوتندا هەیە.  بەم پێیە تا بۆ دەوروبەر نەگەڕێینەوە، لە مەبەستی گوتنەکە ناگەین. (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2011: 95) کەواتە بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی گوتن، نیشانکار پەیوەندی لە نێوان زمان و جیهانی دەرەوە دروستدەکات. (جاك موشلر و ان ريبول ، 2010 :159) بە هۆی ئاگاداربوون لە چوارچێوەی گوتن، دەتوانین بە تەواوی لە مەبەستی گوتنەکە بگەین. کات و شوێنی گوتن بۆ هابەشەکانی گوتن ڕۆڵێکی چالاك لە کردەی تێگەیشتن دەگێڕن. (هۆگر مەحموود فەرەج، 2000 :6) نیشانکارەکان بریتین لە نیشانکاری کەسی، نیشانکاری کات، نیشانکاری شوێن، نیشانکاری کۆمەڵایەتی و نیشانکاری دەق.

### 2.2. تایبەتییەکانی نیشانکار:

نیشانکارەکان چەند تایبەتمەندییەکیان هەن، کە بریتین لە:

أ– نیشانکار سەر بە زانستی پراگماتیکە، چونکە ڕاستەوخۆ کات و شوێن  ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن لە بەیەکەوەبەستنەوەی گوتن و دەوروبەر. نیشانکارەکان، جگە لە پراگماتیك دەچنە نێو سنووری سیمانتیکیش(Muhamad.M.Fatah,2009) .

ب- نیشانکارەکان بەهاکانیان بە پێی گوتن گۆڕانکاری بەسەردادێت.

پ-ئاماژەکردن بە هەردوو جۆری جولەیی و هێمایی ڕۆڵ لە کردەی تێگەیشتن لە گوتن دەگێڕن.

ت- بایەخی نیشانکارەکان کاتێك دەردەکەوێت، کە لە گوتندا بەکارنەهێنرێن، ئەو کاتە گوتنەکە مەبەستی دروستی خۆی ناگەیەنێت. (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2011: 95)

### 3.2. جۆرەکانی نیشانکار لە (ش خ) دا:

### 1.3.2. نیشانکاری کەسی:

نیشانکارە کەسییەکان بریتین لە کەسی یەکەم (ئاخێوەر) و کەسی دووەم (گوێگر)، کەسی سێیەم (نائامادە). دەشێت گوێ هەڵخەریش بەشداربیکات، بەڵام مەبەست ئەو نییە. دەشێت نیشانکارە کەسییەکان جێناو بن، یا ناوی کەس بن. جێناوە کەسییەکان جۆری جودا و لکاوی هەیە، بەم شێوەیە:

### 2.3.2. جێناوە کەسییەکان:

جێناوە کەسییە جوداکان دوو کۆمەڵن، کۆمەڵەی یەکەم ،کە ئەرکی (ب، بە ر) دەگێڕن بریتین لە:

جێناوی کەسی یەکەمی تاك: ئەمن/ ئەز

جێناوی کەسی یەکەمی کۆ: ئەمە

جێناوی کەسی دووەمی تاك: ئەتوو

جێناوی کەسی دووەمی کۆ: ئەنگۆ

جێناوی کەسی سێیەمی تاك: ئەو /(تاکی نێر: ئەوی)- (تاکی مێ: ئەوێ)

جێناوی کەسی سێیەمی کۆ: ئەوان/ ئەو

جێناوە کەسییە جوداکانی کۆمەڵەی دووەم، کە ئەرکی (بە نا، دیا) دەگێڕن بریتین لە:

جێناوی کەسی یەکەمی تاك: من

جێناوی کەسی یەکەمی کۆ: مە

جێناوی کەسی دووەمی تاك: توو

جێناوی کەسی دووەمی کۆ: نگۆ/ وە

جێناوی کەسی سێیەمی تاك: (تاکی نێر: وی)- (تاکی مێ: وێ)

جێناوی کەسی سێیەمی کۆ: وان) خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول 2012: 154)

جێناوە کەسییە لکاوەکانیش دوو کۆمەڵن و دەتوانن ئەرکی (ب، بە ر، بە نا، دیا) بگێڕن. کۆمەڵەی خاوەندارێتی (یەکەم)، بریتین لە:

جێناوی کەسی یەکەمی تاك: م

جێناوی کەسی یەکەمی کۆ: ن

جێناوی کەسی دووەمی تاك: ت

جێناوی کەسی دووەمی کۆ: و

جێناوی کەسی سێیەمی تاك:Ø:

جێناوی کەسی سێیەمی کۆ: یان

جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی ڕێککەوتن (دووەم) بریتین لە:

جێناوی کەسی یەکەمی تاك: م

جێناوی کەسی یەکەمی کۆ: ین

جێناوی کەسی دووەمی تاك: ی

جێناوی کەسی دووەمی کۆ: ن

جێناوی کەسی سێیەمی تاك:Ø، ا/اتن، ی/یتن

جێناوی کەسی سێیەمی کۆ: ن

دەشێت ڕۆڵی کەسەکان بگۆڕرێت لە ئاخێوەرەوە بۆ گوێگر، یا بە پێچەوانەوە. تەوەری ئاماژەکردن بە خێرا لە هاوبەشێکەوە بۆ یەکێکی تر دەڕوات، واتە دەشێت لە ڕستەیەکدا (ئەتوو) نەوزاد بێت و لە ڕستەیەکی تریش (نەسرین) بێت.

بۆ نموونە: ئەمن چێر ئاودان. (من مانگاکانم ئاودا).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا بە هۆی دەوروبەرەوە دەزانرێ، کە (ئەمن) کێیە؟ ئەگەر ئەمن مەحموود بێت، ئەوا ئەمن دەبێتە مەحموود، بەڵام ئەگەر ئەمن شیلان بێت، ئەوا ئەمن دەبێتە شیلا ن.

بۆ نموونە: بەخۆ چم. (خۆم دەچم).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، (م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك و ڕۆڵی ئاخێوەر دەگێڕێت، ئەگەر ئاگاداری زانیاری دروستی دەوروبەر نەبین و گوتنەکە بە دەوروبەر نەبەستینەوە، ئەوا نازانین، کە (م) کێیە؟

### 4.2. ناوی گشتی و تایبەتی (کەسی:

دەشێت ناوی گشتی و تایبەتی بۆ ئاماژەکردن بەکاربێن. ناوەکان لە کۆمەڵگەدا زۆر دووبارەدەبنەوە و دەشێت لە گەڕەکێك، گوندێك، شارێك، چەندین کەس یەك ناویان هەبێت، ئەگەر کەسی ناو هاتوو لە گوتنەکەدا نەناسین و نەزانین کەسی ناو هاتوو کێیە، ئەوا ناتوانین ئەو گوتنە لێکبدەینەوە . (Muhamad.M.Fatah,2009)

بۆ نموونە: ڕەشیدی خۆ هاویتە گۆمێ. (ڕەشید خۆی هاویشتە گۆمەکەوە).

ئەگەر ئێمە زانیاریمان لەبارەی ناوی تایبەتیی (ڕەشید) نەبێت، ئەوا نازانین، کە ڕەشید کێیە، چونکە لەو ناوچەیەدا چەندین کەس ناوی ڕەشیدن.

-کچیژگە چووە سەبانی. (کچۆڵەکە چووە سەربان).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا کچیژگە ناوێکی گشتییە و بۆ ئاماژەکردن بەکارهاتووە.

هەندێك جاریش دەشێت بۆ بانگکردنیش بەکاربێن، بۆ نموونە:

-هۆ هۆ حەمەد وەرۆ ماریّ. (هۆ هۆ حەمەد وەرەوە ماڵەوە).

-هێی گاوان هێی، گۆلك تخوبیّ مە نەبەزینن. (هۆ گاوان هۆ، گوێرەکەکان سنووری ئێمە نەبەزێنن).

1.4.2. ئامرازی نیشانە:

ئامرازە نیشانەکانی (ش خ) بریتین لە:

نزیکی تاك: ئەوە.

نزیکی کۆ: ئەوانە.

دووری تاك: ئەوێهیّ/ ئەواهیّ.

دووری کۆ: ئەوانێهیّ.

بۆ نموونە: ئەوەی مزگەفتیّ گوندیّ مە نوێکردۆ. (ئەمە مزگەوتی گوندی ئێمەی نۆژەنکردەوە).

لە نیشانکاری کەسیدا، " دەبێت قسەکەر لەگەڵ سەرچاوە و گوێگر لەگەڵ ئامانج لەیەك جیابکەینەوە" . (عەبدولواحید موشیر دزەیی،2011 :103). بۆ نموونە شاگردی دوکانێك، کە بە کرپارێك دەڵێت:

-ئشتی بە قەرد نافرۆشین. (شت بە قەرز نافرۆشین).

ئەمە بۆچوونی شاگردەکە نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی خاوەنی دوکانەکەیە، هەروەها دەشێت گویّ هەڵخەریش هەبێت، کە گوێگرێکی ناڕاستەوخۆیە، چونکە ئاخێوەر مەبەستی لە گوتنەکە گوێگری ڕاستەوخۆیە، بۆ نموونە سیّ کەس لە بەرامبەرتن، یەکێکیان برا بچووکی خۆتە و ئەواتی تر هاوڕێی براکەتن، تۆ دەڵێیت:

-لۆوهە درەنگ هاتیۆ؟ (بۆچی ئاوا درەنگ هاتوویەوە)؟

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك (ی) لە کاری (هاتیۆ) بۆ یەك کەس دەگەڕێتەوە، نەك بۆ هەموویان.

2.4.2. ڕۆڵی توخم لە نیشانکارە کەسییەکاندا:

توخم نیشانکار نییە، بەڵام ڕۆڵ لە نیشانەکردنی نیشانکارە کەسییەکان دەبینێت.لە (ش خ) دا، مۆرفیمەکانی توخم ڕۆڵێکی کارا لە ڕۆنانی دۆخی مۆرفۆلۆجیدا دەگێرن (خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول،2012 :118 ) و گریّ ناوییەکان لە سیستەمی دۆخی نۆمینێتیڤ – ئەکیوزەتیڤدا نیشانەدەکرێن. دۆخی نۆمینێتیڤ بە مۆرفیمی توخم نیشانەدەکرێت. لە گشت گۆڤەرەکانی (ش خ) دا، لە هەندێك ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕی وەکو (پێوەنازین، تێوەڕاخوڕین، تێفکرین.....هتد)، ناوی میّ بە مۆرفیمی (یّ) و ناوی نێر بە مۆرفیمی (ی) نیشانە دەکرێن،(س پ:127) بۆ نموونە:

1-ئاراسیّ بە بابیّ خۆ وەنازی. (ئاراس شانازیی بە باوکی خۆیەوە دەکرد).

2 -ئاراسی بە بابیّ خۆ وەنازی. (ئاراس شانازیی بە باوکی خۆیەوە دەکرد).

هەندێك ناوی کەسی هەن، هەم بۆ میّ و هەم بۆ نێرن، لە (ش خ) دا، بە هۆی مۆرفیمی توخمەوە دەزانریّ، کە نێرە، یا مێیە.

لە ڕستەی یەکەمی سەرەوەدا، بە هۆی مۆرفیمی (یّ) کە گرێی ناویی ( ئاراس) ی نیشانەکردووە، دەزانین، کە مێیە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ، بە هۆی مۆرفیمی (ی) کە گرێی ناویی ( ئاراس) ی نیشانەکردووە، دەزانین، کە نێرە.، بەڵام لە (گ هـ ، گ بە، گ بێن) ، کە سەر بە گۆڤەری (دبا) نن، بەشێك لە جێناوە کەسییە جوداکانیش نیشانەدەکرێن. لە ڕستەی کار ڕابردووی تێنەپەڕ و کار ڕانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ جێناوە کەسییە جوداکانی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك بە مۆرفیمی (یّ) بۆ نێر و (ا) بۆ میّ نیشانەدەکرێن(س پ :127 ) ، نموونە:

-ئەزا چم. (من دەچم).

--ئەزیّ چم.(من دەچم).

-ئەتووا چی.(تۆ دەچیت).

-ئەتوویّ چی.(تۆ دەچیت).

-ئەوا چی.(ئەو دەچێت).

-ئەویّ چی.(ئەو دەچێت).

هەروەها لە (گ هـ ، گ بە، گ بێن) ، کە سەر بە گۆڤەری (دبا) نن،ناوی کەسیش نیشانەدەکرێن. ناوی میّ بە مۆرفیمی (ا) و ناوی نێر بە مۆرفیمی (یّ) نیشانە دەکرێن، بۆ نموونە:

-نەورۆزا دیّ.

-نەورۆزیّ دیّ.

بەم پێیە، ئەگەر گرێی ناوی بە مۆرفیمی (ا) نیشانەکرا، ئەوا دیارە مێیە، بەڵام ئەگەر بە مۆرفیمی (یّ) نیشانەکرا، ئەوا دیارە نێرە.

" لە (د م، د با) دا، لەو ڕستانەی کە کارەکانیان کاری (بوون) ە، مۆرفیمی (ئی) بۆ تاکی نێر و مۆرفیمی (ئە) بۆ تاکی میّ ، گرێی ناویی بکەر نیشانەدەکەن. هەروەها ناوی کۆی نێر و میّ بە مۆرفیمی (ئە) نیشانە دەکرێت. جا ئەگەر ناوەکە دەریش نەکەوتبێت، ئەوا (pro) نیشانە دەکرێت." (س پ:129–130)

بۆنموونە:

بۆ تاکی نێر:

-ئەتوو ئی بەجنی؟ (تۆ شێتیت)؟

-proئی بەجنی؟ pro)  شێتیت(؟

بۆ تاكی مێ:

-ئەتوو ئە باشی؟      (تۆ باشیت)؟

-proئە باشی؟ pro)      باشیت(؟

بۆ كۆی نێر ومێ:

-ئەو ئەباشبوون.      (ئەوان باشبوون).

هەروەها گرێ ناوییەكانی دۆخی ئەكیوزەتیڤ لە سیستەمی دۆخی نۆمینێتیڤ – ئەكیوزەتیڤدا، بە مۆرفیمی توخم نیشانەدەكرێن. لە ڕستەی كار ڕانەبردووی تێپەڕ، یا ڕستەی فەرماندانی ئاشكرا، یا نائاشكرای كار تێپەڕ، گرێی ناوی (ناوی كەسی) و جێناوی جودای كەسی سێیەمی تاك نیشانەدەكرێن. تاكی مێ بە مۆرفیمی (ی) و تاكی نێر بە مۆرفیمی (ێ) و كۆی نێر و مێش بە مۆرفیمی (ان/ ا) نیشانە دەكرێن.

دۆخی ئەكیوزەتیڤ بۆ نموونە:

-هەسپی ئالیكەدەم. (ئالیك دەدەمە ئەسپەكە).

-ماینێ دینمۆ. (ماینەكە دێنمەوە).

-ئەوێ كراسا شوا. (ئەو كراسەكان دەشوات).

هەروەها گرێ ناوییەكانی دۆخی داتیڤ بە مۆرفیمی توخم نیشانەدەكرێن. تاكی مێ بە مۆرفیمی (ێ) و تاكی نێر بە مۆرفیمی (ی) و كۆی نێر و مێش بە مۆرفیمی (ان/ ا) نیشانە دەكرێن، بۆ نموونە:

-ئەمن ساقۆی لەكن نەورۆزی دانێم. (من پالتۆكە لای نەورۆز دادەنێم).

-ئەمن ساقۆی لەكن نەورۆزێ دانێم. (من پالتۆكە لای نەورۆز دادەنێم).

-ئەمن ساقۆی لەكن مندارا/ ان دانێم. (من پالتۆكە لای منداڵەكان دادەنێم).

لە دۆخی خاوەنداری و خستنەسەردا، گرێ ناوییەكان نیشانەدەكرێن. ناوی دیارخەری تاكی مێ بە مۆرفیمی (ێ) و تاكی نێر بە مۆرفیمی (ی) و كۆی نێر و مێش بە مۆرفیمی (ان/ ا) نیشانە دەكرێن، بۆ نموونە:

-بەرخۆكێ ڕەیانی هاتیتۆ. (بەرخۆڵەی ڕەیان هاتووەتەوە).

-بەرخۆكێ ڕەیانێ هاتیتۆ. (بەرخۆڵەی ڕەیان هاتووەتەوە).

-حەسۆ جلكێ پیاوا دروی.(حەسۆ جلی پیاوان دەدوورێت).

5.2. نیشانكاری شوێن:

نیشانكاری شوێن، ئەو نیشانكارانە دەگرێتەوە، كە ئاماژە بە شوێنێك دەكەن. بۆ لێكدانەوەی ئەو نیشانانە پێویستمان بە زانینی شوێنی ئاخێوەر هەیە، یان لەسەر ناسینی شوێنی گوێگر دەوەستێت. (محمد حسن عبدالعزيز، 2011 :347) لە كردەی ئاخاوتندا، چوار جۆر شوێنی بنچینەیی هەن، كە بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- شوێنی نزیك لە ئاخێوەر.

ب- شوێنی نزیك لە گوێگر.

پ-شوێنی نزیك لە جەماوەر.

ت-شوێنی نزیك لە كەسێك، كە نە ئاخێوەرە، نە گوێگرە، نە جەماوەرە. (ئاڤێستا كەمال مەحموود، 2009 :34).

ئامرازەكانی نیشانە و ئاوەڵگوزارەی شوێن، ڕۆڵێكی كارا لە نیشانكاری شوێن دەبینن.

دوو جۆر ئاماژەكردن بۆ شوێن هەن، كە بریتین لەمانەی خوارەوە (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2011: 105).

أ-ناوهێنانی شوێنەكە، یان پەسنكردنی شوێنەكە، بۆ نموونە:

-نەوزاد تۆپانێ لۆ گەڕەكێ خۆ كا. (نەوزاد یاری تۆپێن بۆ گەڕەكی خۆی دەكات).

ئەم ڕستەیەی سەرەوە، لێكدانەوەی پراگماتیكی دەوێ، تاكو بزانین ئەوگەڕەكە كام گەڕەكە، بۆ ئەمەش پێویستمان بە دەوروبەرەوە هەیە بۆ ئەوەی گوتنەكە لێكبدەینەوە.

ب-دیاریكردنی شوێنێك لەچاو شوێنێكی تر، یا خاڵێكی نەگۆڕ، یا لەچاو هاوبەشەكانەوە، بۆ نموونە:

-ماریان نێزیك كانی خمانێیە. (ماڵیان نزیك كانی خمانە).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، كانی خمان خاڵێكی نەگۆڕە و بۆ لێكدانەوەی ئەم ڕستەیە پێویستمان بە لێكدانەوەی پراگماتیكی دەبێ، تاكو بزانین ، كە كانی خمان كەوتووەتە كوێ و لە كام گەڕەك و كام گوند، یا شارە؟

پ-دیاریكردنی شوێنێك لەدیدی هاوبەشەكانەوە، بۆ نموونە:

مزگەفت سەعاتەڕێیەكی پێیان لێرە دوورە. (مزگەوت سەعاتەڕێیەكی پێ لێرە دوورە).

بۆ لێكدانەوەی ئەم ڕستەیەی سەرەوە، پێویستمان بە دەوروبەرە. لە نیشانكاری شوێن ئەو كارانەی كە واتای جولە دەبەخشن وەكو (هاتن، ڕۆیشتن، دان، وەرگرتن....هتد) ڕۆڵی كاریگەر دەبینن ، بۆ نموونە:

-وەرە كنەمن.   (وەرە لام).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، گوێگر لە ئاخێوەر نزیك دەبێتەوە.

-برۆولاهێ.   (برۆ ئەو لاوە).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، گوێگر لە ئاخێوەر دووردەكەوێتەوە.

-ئەمن دێمە كنەتوو.   (من دێمە لای تۆ).

-ئەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ئاخێوەر لە گوێگر نزیك دەبێتەوە.

دەشێت کات ڕۆڵێکی کاریگەر لە دیاریکردنی شوێن ببینێت، (س پ:106) بۆ نموونە:

-بە مەکینەی بە دووسەعاتان گەیمە مارێ وان. (بە تراکتۆر بە دوو سەعات گەیشتمە ماڵیان).

لەم ڕستەیەی سەرەوە دا، ئەوە دەردەکەوێت، کە ماڵیان دووسەعات لێرە دوورە.

6.2. نیشانکاری کات

نیشانکاری کات ئەوانەن، کە کاتی گوتن و کاتی ڕوودان دیاریدەکەن. دوو جۆر کات هەن، کە بریتین لە کاتی گوتن و کاتی ڕوودان. (س پ :107)

کاتی گوتن ئەو کاتەیە، کە گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە. کاتی ڕوودانیش ئەو کاتەیە، کە بە هۆی کارەوە لە ڕستەدا دیاردەکرێت. دەشێت لە هەندێك باردا، ئەو دوو کاتە یەك بن، یا جیابن بۆ نموونە:

-ئۆ چم. (ئێستا دەچم).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاتی گوتن و کاتی ڕوودان یەکن.

-دووسبەی دێمۆ. (دووبەیانی دێمەوە).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاتی گوتن و کاتی ڕوودان یەك نین. کاتی گوتن ئێستایە، بەڵام کاتی ڕوودان داهاتووە.

-دەرکەم کردیتۆ. (دەرگام کردووەتەوە).

-لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاتی گوتن و کاتی ڕوودان یەك نین. کاتی گوتن ئێستایە، بەڵام کاتی ڕوودان ڕابردووە.

کات بە پێی ئاستەکانی زمان دوو جۆرە، کە بریتین لە: (س پ :107)

أ–کاتی سیمانتیکی: ئەو جۆرە کاتەیە، کە بە هۆی ئاوەڵگوزارەی کاتەوە دەردەبڕرێن، بۆ نموونە: ئەوشۆ (ئەمشەو)، شەوێدی (شەوی پێشوو)، شەوترادی (شەوی پێشووتر)، ئەوڕۆ (ئەمڕۆ)، سبەینێ (بەیانی)، دووسبەی ( دووبەیانی)، پێرێ، بەستر پێرێ (سێ ڕۆژ پێش ئێستا) ......هتد. ئاوەڵگوزارە کاتییەکان بۆ هەموو کاتێك ناشێن، بەڵکو پەیوەستن بە دەوروبەرەوە، بۆ نموونە لە کاتی ئێوارە ناشێت بوترێ سبەینە باش (بەیانی باش).

ئاوەڵگوزارە کاتییەکان دەشێت خاڵێك لە کاتێك، یا ماوەکەی لە خاڵێك زیاتر بێت دیارییبکات . (Muhamad.M.Fatah,2009)بۆ نموونە:

-دووسبەی دێنە مارێنگۆ. ( دووبەیانی دێنە ماڵتان).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاتەکە خاڵێکە لە بیست و چوار سەعاتدا.

-سبەی ئێکی مانگە. (بەیانی یەکی مانگە).

-لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاتەکە بیست و چوار سەعاتە.

ب– کاتی ڕێزمانی: ئەو کاتەیە، کە بە هۆی مۆرفیمەکانی کاتەوە ئەنجامدەدرێن، و بریتین لە:

(ا، وو، ی، ت، د، ێ، ە) بۆ نموونە:

-پووش سۆتا. (پووشەکە سووتا).

-ئەو لۆ کنەوان چوو. (ئەو بۆ لای ئەوان چوو).

-ئەمن سێو کڕین. (من سێوەکانم کڕی).

-دارن هەرپەردافتن. (دارەکانمان هەڵپەڵداوت).

- ئەوی قەرەم ئا بردینە. (ئەو پێنووسەکانی بردووە).

-هەنووکە پاوانەسۆتێ. (ئێستا پاوانەکە دەسووتێ).

-کانەبی ئی زیخە. (کانەبی چالاکە).

7.2. نیشانکاری کۆمەڵایەتی

نیشانکارە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازی کۆمەڵایەتیی کەسەکانی هاوبەشی ئاخاوتن دەردەخەن و پەیوەندیی نێوان ئاخێوەر و گوێگر دیاردەکەن. لەم پەیوەندییەدا، پلەوپایەی ئاخێوەر و گوێگر لە ڕووی جۆری چینایەتی، پیشە، ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، پلەی ڕۆشنبیری، پلەی خزمایەتی، ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی...هتد دیاردەکرێن. (هۆگر مەحموود فەرەج،2000: 140–183) بۆ نموونە:

نازناوی کۆمەڵایەتی وەکو: ڕدێن سپی ( ڕیش سپی)، سەر سپی، میران، ئاغا، بەگ.

نازناوی پیشە وەکو: وەستا، سەروەستا، ماموەستا (مامۆستا).

زاراوەکانی خزمایەتی وەکو: خارە (خاڵە)، خوشکێ، پلکێ. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2011: 11) هەروەها دەشێت نازناوەکان و زاراوەکانی خزمایەتی بۆ ئاماژە و بانگکردن و دواندن بەکاربێن. (س پ: 11) بۆ نموونە:

-گاوان هاتۆ. (گاوان هاتەوە) – بۆ ئاماژەکردن بەکارهاتووە.

-خارۆژن هەڕۆ مارێ. (خاڵۆژن بچۆرە ماڵەوە) – ئاخێوەر بانگی گوێگر دەکات.

-کاك گەنجۆ ئەوهە مەکە. (کاك گەنجۆ ئاوا مەکە). – بۆ دواندن بەکارهاتووە.

نیشانکارەکانی ( ش خ) لێکسیکین، بۆ نموونە:

-کاروان چوویتۆ قەسرێ خۆ. (کاروان چووەتەوە کۆشکەکەی خۆی).

وشەی قەسر پایەیەکی کۆمەڵایەتی بە کاروان دەبەخشێت.

هەروەها هەڕەشە، سڵاوکردن و دەربڕینەکانی سوپاسگوزاری وەك کردەی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێن (Filmor,1975:76) .بۆ نموونە:

**هەڕەشە**: چاوانت دەردینم (چاوەکانت دەردێنم)، هەی هێرە. (هەی گەمژە)....هتد.

سڵاو کردن: سەلامون عەلەیکوم (سڵاوتان لێبێت)، ماندی نەبن (ماندوو نەبن)، خوا قوەتێو بدا (خوا هێزتان پێببەخشێت)، ....هتد.

سوپاسگوزاری : گەورەم، خورامێ توومە ( نۆکەرتم)، براگچکێ توومە (برا بچووکی تۆم). فەرموو، مەمنوونی توومە ( سوپاسگوزاری تۆم)...هتد.

8.2. نیشانکاری دەق

ئەو نیشانکارانەن، کە ئاماژە بەو گوتنە دەکەن، کە لە بەشێکی دەقدایە. جا دەقەکە مەرج نییە نووسین بێت، دەشێت گفتوگۆی نێوان دوو کەس بێت(Muhamad.M.Fatah,2009). لە (ش خ) دا، بە زۆری دەقەکان گوتنن، جگە لە دەقە فۆلکلۆرییە نووسراوەکان.

لە نیشانکاری دەقدا، ئامرازی نیشانە و ئاوەڵگوزارە ئەرکی پراگماتیکی بۆ دەق دەگوازنەوە (Ibid,2009). ئامرازی نیشانە بۆ نموونە:

-ئەوکوڕێژگێهێ لە غارغارانێی سەت مەتری ئێکەم بوو. (ئەو کوڕۆکە لە ڕاکرنی سەد مەتریدا یەکەم بوو).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ئامرازی نیشانەی (ئەوێهێ) ئاماژە بە کەسێك دەکات، کە ئاخێوەر و گوێگر دەزانن کێیە؟ (شێرزاد سەبری عەلی، 2014: 175).

ئاوەڵگوزارەی کات بۆ نموونە: پێشتر ئەو قسەم وەگۆتبوو. ( پێشتر ئەم قسەیەم وتبوو).

هەروەها ئامرازەکانی بەستن بەشداری لە نیشانکاری دەق دەکەن ، بۆ نموونە:

-گۆتی ئەوئیشەی تاخیرناکەم و کردی.

لم ڕستەیەی سەرەوەدا، ئامرازی بەستنی (و) ڕستەی دواوەی بە ڕستەی پێش خۆی بەستووەتەوە.

دەبێت نیشانکاری دەق لە ئەنافۆڕ جیابکرێتەوە. ئەنافۆڕ بریتییە لە پەیوەندیی نێوان ناوێك و جێناوێك، بۆ نموونە:

-قاسم جۆتیارەکی ئی باشە، بەران ئەوی گا نەماینە. ( قاسم جووتیارێکی باشە، بەڵام ئەو گای نەماون).

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، جێناوی کەسیی جودای سێیەمی تاکی نێر (ئەوی) بۆ ناوی (قاسم) دەگەڕێتەوە.

## 3. نیشانکار لە دیالێکتی بەریتانیی زمانی ئینگلیزیدا

### 1.3. نیشانکاری کەسی:

نیشانکاری کەسی بریتین لە کەسی یەکەم (ئاخێوەر) و کەسی دووەم (گوێگر) و کەسی سێیەم (نائامادە)، دەشێت گوێهەڵخەریش بەشداری بکات، بەڵام مەبەست ئەو نییە. نیشانکاری کەسی ئەو دەربڕینانەن، کە ئاماژە بە ئاخێوەر، یا گوێگر لە ئاخاوتندا دەکەن((Anderson Kenan 1985:529) .

(Palmer , 1981:60)دەڵێت نیشانکاری کەسیی ئاخێوەر پێویستە بتوانێت بەشداربووانی

لە گوتاردا دیاریبکات. کەسەکان بریتین لە جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەم(I,we,you) .

بە پێی (Haliday,Hassan,1976:43) سیستەمی جێناو لە زمانی ئینگلیزیدا،پێکدێت لە جێناوە کەسییەکان و دیاریکەرە خاوەندارییەکان. جێناوەکان بۆ شتێك دەگەڕێنەوە، کە لە ئاخاوتندا هەیە. پۆلێنکردنی سیستەمی جێناوە کەسییەکان لە ( دب) دا، بریتین لە کەسی یەکەم،کەسی دووەم،کەسی سێیەم،لەگەڵ ڕەچاوکردنی جۆرەکانی تاك و کۆ. جێناوەکان بەپێی ڕۆڵەکانیان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دیاریکراون.

ڕۆڵەکانی ئاخاوتن بریتین لە جێناوەکانی نێرەر و بۆ نێردراو. ڕۆڵەکانی ئاخاوتن لە ڕێگای جێناوەکانی کەسی یەکەمی تاك و کۆ و جێناوەکانی کەسی دووەمی تاك و کۆ وەك بکەر و دۆخەکانی تر دەگرێتەوە، کە بریتین لە I,me ,mine ,my ,we ,us ) : (our ,ours ,you ,you ,yours,بۆ نموونە:

ئەمن ئازادی مەحموودیمە/ من ئازاد مەحموودم . -I am Azad Mahmood.

کسۆکی دریێ من خۆشکرد / سەگەکە دڵخۆشی کردم . -The dog pleased me

پەرداغێ من بەتارە/ پەرداخەکەم بەتاڵە . -My glass is empty.

ئێ من بینە/ هی من بێنە . -Bring mine.

ئەمە ئەلحانێکە گەمانەکەین / ئێمە ئێستا یاریدەکەین. -We are playing now.

ئەوان پشتێ مەیان گرت/ ئەوان پاڵپشتی ئێمەیان کرد . -They supported us.

ئەوە مەکتەبێ مەیە/ ئەمە قوتابخانەی ئێمەیە . -This is our school.

ئەوان ئێ مەنە/ ئەوان هی ئێمەن . -They are ours.

ئەتوو و ئەتوو هەڕوونە دەرێ/ تۆ و تۆ بڕۆنە دەرەوە . -You and you go out.

ئەلحان دەوریٚ منە. ئێستا ڕۆڵی منە -It is my role now. .

ئێنگۆنە/ هی ئێوەن -They are yours. .

لە (د ب) دا، جیاوازی نییە لە نێوان شێوەی تاك و كۆی جێناوی كەسی دووەمyou

كە چی وەكو، pronominal، لە هەندێك باری جێناوئاسادا جیاوازی هەیە ،

Your self, your selves

بۆ نموونە:

خۆت بریندار كرد/ خۆت بریندار كرد -You injured yourself . .

خۆو بریندار كرد /خۆتان بریندار كرد - You injured yourselves. .

لە دۆخی كۆدا، yourselvesدەشێت گشتگیر(inclusive) ، یان تاكبەند (exclusive) بێت.لە دۆخی بەكارهێنانی گشتگیردا، جێناوی yourselvesئاماژەكردنەكەی تەنها بۆ ئەو گوێگرانەیە، كە لە كاتی ئاخاوتندا ئامادەن. لە بەكارهێنانی دۆخی تاكبەنددا ئاماژەپێكردن بۆ كەسانی تر دەبێت، جگە گوێگر لە كاتی ئاخاوتندا.

ڕۆڵەكانی تر بریتین لە جێناوە نائامادەبووەكان، واتە ئەو ڕۆڵانەن، كە بۆ كەس و شتی تر دەگەڕێنەوە، جگە لە ئاخێوەر و بۆنێردراو، ئەمانەش پێیاندەوتریٚ كەسی سێیەمی تاك و كۆ بە دۆخە جیاوازەكانیان وەكو ئەمانە : (he,him,his,she,her,hers,it,its,they,them,their,theirs)ابۆ نموونە:

ئەو هات/ ئەو هات.She came .

ئەمن ئەو دیت/ ئەوم دیت.I saw here .

تڕومبێلی كەونە/ ئۆتۆمبێلەكەی كۆنە .The car is old .

ائەوە تڕومبێلیٚ وییە/ ئەوە ئۆتۆمبێلی ئەوە It is her car.

ئە وتەمبەرە/ ئەوتەمبەڵە He is lazy.

چاكەتی نووە/ چاكەتەكەی نوێیە His jacket is new.

ئیٚ وی نووە/ هی ئەو نوێیە His is new.

ائەو گەورەیە/ ئەو گەورەیە It is big.

ئەوان لەوێندەرن/ ئەوان لەوێن They are here..

ئەوی ئەوان دیت/ ئەو ئەوانی دیت She saw their..

مەكتەبیٚ وان نووە/ قوتابخانەكەیان نوێیە Their school is new..

ائیٚ وانە/هی ئەوانە It's theirs.

ئەو جێناوانەی ڕۆڵی تریان هەیە ئەنافۆریكن و دەبنە هۆی بەستنەوەی بەو پارچە دەقەی پێش خۆیان، یان بۆ ئەو جێناو و شتانەی كە پێشتر ئاماژەیان پێكراوە، ئەوانیش بریتین لە He, she, it,theyدەشكریٚ ئەو جێناوانە نیشانكاربن، لەو شوێنەی كەوا دەقی دۆخەكەی ڕیٚ بە ناساندنی ئاماژەپێدەر– بۆگەڕاوە (reference)دەدات لە بابەتەكەدا، یان لە دۆخی دەقەكەدا كەسەكان، یان شتەكان ناسراون -Haliday 1976 :51) . Hassan,)

شایانی باسە جێناوەكانی He, she دەشێت بە شێوەی نیشانكاری بەكاربێن بۆ دیاریكردنی كەسێك، لەم دۆخەدا سترێسی سەرەكیان دەخرێتەسەر. جێناویIt لەم دۆخەدا بەكارنایەت و thatلەجیاتی بەكاردێت، گەر سترێسی بخەینەسەر بۆ نموونە:

ئەوە كێیە؟/ ئەمە كێیە؟Who is he?

كەسەك لەوێندەریٚ ڕاوەستایە/ كەسێك لەویٚ وەستاوە A person standing there.

(zand vort and vanek,1975:30) .

ڕۆلەكانی ئاخاوتن و(Haliday , Hassan, 1976: 44 ) ڕۆڵەكانی تر بەم شێوەیە دیاردەكەن:

ڕۆلەكانی ئاخاوتن ڕۆلەكانی تر

ئاخێوەر بۆنێردراو Specifire

I me one

you you

مرۆڤ جگەلە مرۆڤ your yours

mine my he him

his his it it

Its its

more than

one we us

ours our she here

hers her

they them

theirs their

## 2.3. نیشانكاری شوێن:

ئەو چەمكەیە، كە شوێنی شتێك نزیك لە شوێنی ئاخێوەر، یا بۆنێردراو دیاردەكات (Anderson,Kenan,1985:259)

چەمكە سەرەكییەكان، كە لە نیشانكاری شوێن بەكاردێن بریتین لە ئامرازەكانی نیشانە، كە بریتین: لە This , these, that, those

ئەوانە ،ئەوە ،ئەمانە ، ئەمە

هەروەها ئاوەڵگوزارەکانی شوێن ڕۆڵێکی کاریگەر لە نیشانکاری شوێن دەبینن وەکو:

ئێرەhere

ئەوێthere

نیشانکاری شوێنی دوور و نزیك لە ڕێگای ئامرازەکانی نیشانە و ئاوەڵگوزارە شوێنییەکان دەردەبڕرێن. دوو نیشانکاری هەن، یەکەمیان سەرنجدانیانە بە ئاڕاستەی ئەرکەکانیان وەکو Lookسەیرکردنsee, دیتن.

دووەمیان ئەرکی شوێنییە جیاوازەکانن، بۆ نموونە:

ئاماژە بەو شت و شوێنانە دەکات، کە لە ئاخێوەر نزیکن، وەك thisلەگەڵhere

thereوە لەگەڵ that بۆ ئەو شت و شوێنانە دەگەڕێنەوە ، کە لە ئاخێوەر دوورن

(wales,1979:242).بۆ نموونە:

ئەو دەرکەیە گەورەیە/ ئەم دەرگایە گەورەیە-

This door is big. .

ئەو مێزێهێ شینە/ ئەو مێزە شینە That table is- blu. .

ئەو دەرکانە گەورەنە/ئەم دەرگایانە گەورەن These- . . doors are big

ئەو مێزانێهێ شینن/ ئەو مێزانە شینن Those tables are blue. .-

ئەو لێرا ژی/ ئەو لێرە دەژی. He lives here. -

ئەو لەوێ ژی/ ئەو لەوێ دەژی. She lives there. -

there, here و this,That , there, here جیاوازییان هەیە و پشت بە نزیکی خاڵی سفری دەقی نیشانکار دەبەستێت، کە بە هۆی شوێنی ئاخێوەر، کە لە کاتی قسەکردندا دیاریکراوە، بۆ نموونە، کە دەڵێین here, there (Lyons, 1977: 636,646)

ئەو پەنجەرە/ ئەم پەنجەرەیە- This window.

پەنجەرێ ئێرانە/ پەنجەرەکەی ئێرە The window - here. .

پەنجەرێ وێندەرێ/ پەنجەرەکەی ئەوێ That window - .

The window which is there.واتە ئەو پەنجەرەیەی کە لەوێیە . لە ئاخێوەرەوە دوورە.

ئامرازەکانی نیشانەی ئەمە this , ئەمانە these,ئەوە that , ئەوانەthose

لە ڕووی ڕێساییەوە لەگەڵ جوڵە ئاماژەبۆکراوەکاندا تێکەڵدەبن. ئەوانە نیشانکارن، چونکە

ئاماژەکردنەکەیان پشت بە جوڵە دەبەستێ، کە تایبەتمەندییەکی دەوروبەری ئێستای ئاخاوتنە. بە شێوەیەکی گشتی.

ئێرەhere

ئەمانەthese

ئەمەthis

واتای نزیکبوونەوە لە ئاخێوەر دەبەخشن، لە کاتێکدا ئەوە، دووری لە ئاخێوەر دەبەخشێت، کە ئەگەری هەیە، ئەوەthatئەوانە,thoseئەوێthere نزیك بن لە بۆ نێردراو، کەواتە واتاکانیان بریتین لە تۆ نزیکن، یان نە لە تۆ نزیکن، نە لە من، واتە نە لە ئاخێوەر، نە لە بۆنێردراو نزیکن، بەڵام هەر چۆنێك بێت، لە ئاخێوەر نزیك نین.

(Haliday, Hassan, 1976:58-59),(Kearns,2000:273)ئامرازەکانی نیشانە

دەتوانن ببنە بکەر و وەکو جێناوئاسا بەکاربێن، بۆ نموونە this,ئەوەthat

ئەوە کورسیە/ ئەمە کورسییە.This is a chair -

ئەوە باخچەکی جوانە/ ئەمە باخێکی جوانە That is a nice - garden.

هەروەها دەشێت وەکو ئاوەڵناویش بەکاربێن بۆنموونە:

ئەوانێهێ پێراوێ پیسن.ئەوانە پێڵاوە پیسەکانن These are- dirty shoes.

نموونەکانی سەرەوە بۆ نزیکی و ژمارە جیاکراونەتەوە، نەك بۆ توخم.نزیکیی نێوان ئاخێوەر و بۆنێردراو، قسەکردن لە دەوروبەردا ڕوونتردەکاتەوە. بۆ نموونە:

That grocery over there is where I bought two kilos of potatoes yesterday.

دونێ لەو تکانەی وێندەرێ دوو کیلۆ پەتاتەم کڕی/دوێنێ لەو دوکانەی ئەوێ دوو کیلۆ پەتاتەم کڕی.

لە کاتێکدا ئاخێوەر و بۆنێردراو پێکەوەبن، بە بێ هیچ ئاماژەیەکی شوێن و کات، دەبێت زانیاریی زیاتر بدرێت دەربارەی چ شارێك، چ ساڵێك، نزیکیی ئێرە. بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە زانیاریی هاوبەش(Poole,1999:35) .

## 3.3. نیشانکاری کات:

نیشانکاری کات بریتییە لە ئاماژەپێکردنی کات، واتە نزیك لە کاتی ئاخاوتن. کات بە شێوەیەکی گشتی یەك ئاڕاستەییە، بەو پێیەی کە دوو ڕووداو دەشێت پەیوەندییان پێکەوە هەبێت بە درێژایی تاکە دوورییەك، یەك لە ڕووداوەکان، یان لە پێشتر ڕوویداوە، یان

پێکەوە ڕوویانداوە، یان یەکیان لە دواتر ڕوویداوە (Anderson,Keenan,1985:296) .

نیشانکاری کات لە ڕێگای ئامرازەکانی نیشانەی وەکو ئەمە ، these, ئەمانە this هەروەها ئاوەڵگوزارەکانی کاتی وەکو, ئەوە,that ئەوانە, those لەم دواییەدا, recently زوو، , Soon ئەو کات , then ئێستا now, هەفتەی ئایندە، next , week بەیانی, tomorrow ئەمڕۆ, today ، هەروەها لە ڕێگای دەمەکانی کارەوە دەردەبڕرێ. نیشانکارەکانی کات لە ڕێگای ئامرازەکانی نیشانە دەردەبڕین. ئەم ئامرازی نیشانانە کە نیشانکاری کاتن، دەتوانن ڕۆڵی نیشانکاری شوێنیش ببینن، هەروەکو لە نیشانکاری شوێنیش باسمانکرد.

ئەمانە نیشانکاری شوێنن، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بواری کات that, this بەکاردێن هەروەکو لەم نموونانە دەردەکەوێت:

This month they are not working.

ئەو مانگەی ئەوان ئیشی ناکەن/ئەم مانگە ئەوان کارناکەن.

They did not go home that evening.

ئەویٚ هێواریٚ ئەوان نەچوونە ماریٚ/ئەو ئێوارەیە ئەوان نەچوونە ماڵەوە.

They are very busy at this hour.

لەووەختەی ئەوان زۆر پڕ ئیشن/ لەم کاتەدا ئەوان زۆر سەرقاڵن.

I prepare for the exam in these days.

ئەمن لەوڕۆژانە خۆ لۆ ئیمتیحانیٚ حازرەکەم/ من لەم ڕۆژانەدا خۆم بۆ ئەزموون ئامادەدەکەم.

They failed in the exam that year.

ئەوسار ئەوان لە ئیمتیحانیٚ دەرنەچوون/ ئەوساڵ ئەوان لە ئەزموون دەرنەچوون.

The rain was late those days.

لەوڕۆژانە باران تاخیربوو/لەو ڕۆژانەدا باران دواکەوت.

They will go a brood this week. .

ئەوحەفتەی ئەوانەچنە دەریٚ/ ئەم هەفتەیە ئەوان بۆ هەندەران دەچن.

(Bedir, 1979:65ff)

نیشانکاری کات لە ڕێگای ئاوەڵگوزارەی کاتەوە دردەبڕرێ، وەکو:

now ئێستا، ئەو کات then , لەم دواییەدا recently ، زوو soon

دەشێت لە ڕێگای ئەوکاتەوە شیبکرێتەوە، کە ئاخێوەر تیایدا ئاخاوتن بەرهەمدێنێت، یا لە ڕووی پراگماتیکەوە لەومەودایە دایە، کە ئەو کاتەی تێدایە، یا لەو مەودایە دایە، کە تێکەڵی خودی مۆرفیمەکە بووە وەکو لە بەکارهێنانی جوڵەی ئەم ڕستانە:

Go out now. گوتن ئەلحانێ هەروە دەرێ/ئێستا برۆ دەرێ. و کاتی ڕوودان ئێستایە.

یان لە کاتێکی (ڕێپێدەر) وەکو:

They are now working on the computer.

ئەوان ئەلحان ئیشی لەسە کۆمپیتەریەکەن/ ئەوان ئێستا کار لەسەر کۆمپیوتەرەکە دەکەن.

. She had different views then

هەنگینێ ڕای جودای هەبوو/ئەو کات بۆچوونی جیاوازی هەبوو.

I will see him then. هەنگینێ ئەتبینم/ ئەو کات دەتبینم.

(Ikegami ,1976:40 ;Bronzwaer ,1975:55) ئیکیگامی و برۆنزوێر باس لەوە دەکەن، کە ئاوەڵگوزارەی (now) واتە لەم کاتەدا و ئاوەڵگوزارەی (then) واتە ئەو کات. ئەم ئاوەڵگوزارە کاتیانە هاوتان لەگەڵ ئاوەڵگوزارەکانی شوێنی here, there لە ڕووی نزیکی و دوورییەوە، چونکە)ئێستا، (now خاڵی ئەوکاتە نیشاندەدات،)ئێرە، (here، شوێنی ئاخێوەر پیشاندەدات و کە ئاخێوەری تێدایە.

Now, it is the time to swim ئەلحان وەختی مەلەکردنێیە/ ئێستا کاتی مەلەکردنە

Then پێچەوانەی now واتە ئەو کات، یا ئەو کاتەی تازە باسکراوە

We ate it then. . هەنگینێ ئەمە خواردن/ ئەو کات ئێمە خواردمان

4.3. نیشانکاری کات لە ڕێگای دەمەکانی کارەوە:

دەم لە ( د ب) دا ، ئامرازێکی گرامەتیکییە بۆ دەرخستنی ڕابردوو، ڕانەبردوو و داهاتوو، بەم پێیە دەم بە نیشانکار دادەنرێ، چونکە ڕابردوو، ڕانەبردوو و داهاتوو، لە ڕێگای ئاماژەکردنی کاتی ئاخاوتن پێناسەدەکرێن، یا بۆ ئەوخاڵەی لەپێش ڕوودانی ئاخاوتنەکەیە، یا لەناو، یا لەدوای کاتی ئاخاوتنەکەیە (Harford and Heasly,1983:65-66) .

بۆ نموونە:

She played golf yesterday.

ئەوی دونێ قاشۆیانێی کرد/ئەو دوێنێ قاشۆیانێی کرد.

They are swimming in the river now.

ئەوان ئەلحان لەناو ڕووباری مەلەیەکەن/ ئەوان ئێستا لەناو ڕووبار مەلەدەکەن.

He will play football tomorrow.

ئەو سبەینێ تۆپانێ کا/ئەو بەیانی یاری تۆپی پێ دەکات.

لە ( د ب) دا، دەمی ڕابردوو و ڕانەبردوو هەیە. دەمی ڕانەبردوو خاڵی ئاماژەکراوی کاتی قسەکردنی هەیە، بە واتایەکی تر دەمێکی

ڕەهای هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بۆ کاتی ئێستا دەگەڕێتەوە.

دەمی ڕابردوو بۆ ئەوکاتەی پێش ئاخاوتن دەگەڕێتەوە، کە کاتێکی سنووردارە و دەربڕراوەو جێبەجێکراوە، لەلایەکی ترەوە کات چەمکێکی زمانەوانیی جیهانییە و دابەشدەبێت بۆ ڕابردوو و ڕانەبردوو و داهاتوو.

دەم بەهێزترین باری نیشانکاری کاتە، چونکە بریتییە لە تێکەڵەی جیاوازییەکانی نیشانکاری کات و جیاوازییەکانی ئەسپێکتی، کە جیاکردنەوەیان لە یەکتر ئەستەمە، بۆ نموونە دەمی ڕانەبردووی (د ب) ی مەودای ئەو کاتە ،یا ئەو ڕووداوە دیاریدەکات، کە لە مەودای کات بە کاتی ئاخاوتنەوە دەرکەوتووە و داهاتوو مەودای ئەو کاتە دەستنیشاندەکات، کە لە دوای کاتی ئاخاوتن دێت. ڕابردوو باسی خاڵی کاتێك دەکات، کە پێش ئاخاوتن ڕوویداوە . (Livenson,1994:855)،(Aziz, 1989:39-40)

لە (د ب) دا، جیاوازیی نێوان ڕابردوو و ڕانەبردوو زیاتر تیشکی دەخرێتەسەر لە جیاوازی نێوان ئەم دەمانەو داهاتوو، چونکە تەنها جیاوازیی نێوان ڕابردوو و ڕانەبردوو بە هۆی گیرەکی ڕێزمانییەوە لەیەکتر جیادەکرێنەوە، وەکو:

Plays, played

کاتی داهاتوو دەبێت لە ڕێگای شێوەی کارە یاریدەدەرەکانەوە دیاربکرێن، بۆ نموونە:

)ئەیوێ گەمان بکا/دەیەوێ یاری بکات He will play .

)داهاتوویەکی دوور.

He is going to play

داهاتووی نزیك

ئەیوێ بەونێزیکانە گەمەی بکا/ دەیەوێ بەم نزیکانە یاری بکات. (Palmer,1981:61)

5.3. نیشانکاری کۆمەڵایەتی:

نیشانکاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی باری ئەو گوتنانەی کە هەندێك واقیعی دۆخی کۆمەڵایەتی لە کردەی ئاخاوتندا دەردەکەوێت، یا ڕەنگدەداتەوە. نیشانکاری کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە (Fillmore,1975:76).لەژێر زاراوەی نیشانکاری کۆمەڵایەتی فیلمۆر ئەم دیاردە زمانییانە دەخاتەڕوو(Ibid:76) :

-ئامرازێکن بۆ دیارکردنی کەسەکان وەکو جێناوەکان.

-ڕێگای جۆراوجۆرن بۆ جیاکردنەوەی ئاستەکانی ئاخاوتن.

-جیاکردنەوەی ئاخاوتن بۆ جۆری جیاواز.

-پشت دەبەستێت بە هەندێك تایبەتمەندیی کردەی ئاخاوتنی بەشداربووان.

-ڕێگای جۆراوجۆر هەن، کە ناو، ناونیشان، زاراوەکانی خزمایەتی جیاوازدەبن لە فۆرم و بەکارهێنان بە پێی پەیوەندییەکانی نیوان ئاخێوەر و گوێگرو گوێهەڵخەر.

-چالاکییە زمانییەکانی وەکو هەڕەشە، سلاوکردن و دەربڕینەکانی سوپاسگوزاری وەك کردەی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێن.

-کردەی زمانی یاوەری کردەی کۆمەڵایەتی دەکات.

لەکۆتاییدائامرازە زمانییە جۆراوجۆرەکان یارمەتی ئاخێوەر دەدەدن بۆ جێگیرکردن و پاراستنی نیشانکار لەگەڵ گوێگری ڕاستەقینە، کە مەبەست ئەوە.

دووجۆر پێوەری کۆمەڵایەتی جیاکراوەتەوە، کە لە زماندا هەن، ئەوانیش بریتین لە نزیککراوەیی و ڕەها . (Livenson,1979:207)

جۆری نزیککراوەیی بریتیە لە پەیوەندی نێوان ئەمانەی خوارەوە:

أ–ئاخیوەرو بۆگەڕاوە.

ب–ئاخێوەرو گوێگر.

پ–ئاخێوەر و سەیرکەر.

ت–ئاخێوەر و ژینگە.

جۆری ڕەها بریتییە لە و فۆڕمانەی کەوا بۆ دوو جۆری دیاریکراوی کردەی ئاخاوتنی بەشداربووان دانراون،لەوانە ئاخیوەری ڕێپێدراو و وەرگری ڕێپێدراو.

کولتووری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە نیشانکارە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێ، چونکە هەر نەتەوە، ناوچە ودەڤەرێك کولتووری تایبەتی خۆی هەیە، بۆنموونە:

گەورەم ئەم گوڵدانە لە کوێ دابنێم؟ Where shall I put the vase,sir?-

وشەی (گەورەم) نیشانەی ڕێزلینانە بۆ لایەنی بۆگەڕاوە.

–Mr. John lives in a palace.

کاك جۆن لە قەسرێ ژیتن/ بەڕێز جۆن لە کۆشك دەژیێت.

وشەی (قەسر) وشەیەکە بۆ چینی ئاست بەرزی ناو کۆمەڵگە بەکاردێ و دیارە خاوەنی کۆشك دەوڵەمەندە، یا دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندە.

وشەکانی وەکو Dr دکتۆر ، .Mrکاك، Mrsخاتوو، پلەکانی سەربازی و نازناوی زانستی و کۆمەڵایەتی (Military ranking, scientific and social titiles)نازناون بۆ ڕێزلێنان بەکاردێن.

داواکاری بۆ بەرامبەر چەند ناڕاستەوخۆتر بێت ئەوەندە ڕێزگرتنی زیاتر تێدایە (Muhamad.M.Fatah,2009).بۆ نموونە:

)پەنجەرێ بکۆ/ پەنجەرەکە بکەرەوە Open the window.

) .ڕێزی تێدا نییە.

I want you open the door.
(ئەموێ ئەتوو دەرکەی بکەیۆ/دەمەوێت تۆ دەرگاکاکە بکەیتەوە.)ڕێزی زیاترە لە ڕستەی پێشوو.

Will you please, open the door? ڕێزگرتنی لە ڕستەی یەکەم و دووەم زیاترە.

ڕەجات لێکەم دەرکەی بکۆ/تکایە دەرگاکە بکەرەوە.

دەشێت زاراوەی تری وەکوتکایە (Excuse me ) عەفوومکە/ ببوورە ، Sorry to say thatداوای عەفوویەکەم / بە داوای لێبووردنەوە....هتد ) بۆ ڕێزگرتن بەکاربێن.

### 6.3. نیشانکاری دەق:

لە نیشانکاری دەقدا، ئامرازی نیشانە و ئاوەڵگوزارەکان ئەرکی پراگماتیکی بۆ دەق دەگوازنەوە. ئەو یەکە زمانییانەی بەشداری نیشانکاری دەق دەکەن، ئاماژە بەو گوتنە دەکەن، کە لە بەشێکی دەق دایە (Ibid,2009)ئامرازەکانی نیشانە ڕۆڵێکی گرنگ لە نیشانکاری دەق دەبینن و بە هۆیەوە دەق نیشاندەکرێت، بۆ نموونە:

-ئەم بابەتە. .This article

-ئەو ڕستەیە. .That sentence

هەروەها دەشێت بە هۆی ئاوەڵگوزارەوە دەق نیشانە بکرێت، لەوانە ئاوەڵگوزارەی کات، بۆ نموونە:

-کۆتا بەش. .The last chapter

-پەرەگراف دوایی. .The next paragraph

هەروەها ئامرازەکانی بەستنەوە بەشداری لە نیشانکاری دەقدا دەکەن، بۆ نموونە:

گوتی کارەکە جێبەجێدەکەم، وە کردی He promised to do the task. And did.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ئامرازی بەستنەوەی (And) ڕستەی دواوەی بە ڕستەی پێش خۆی بەستووەتەوە.

لە ئیمتیحانێ دەرنەچوو، هەرچەندە گەلەکی خویند/ لە ئەزموونەکە دەرنەچوو، هەرچەندە زۆری خوێند

He failed in exam, however he studied alot.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ئامرازی بەستنەوەی (however) ڕستەی دواوەی بە ڕستەی پێش خۆی بەستووەتەوە.

## 4. ئەنجامەکان

1-لە بارەی نیشانکاری کەسییەوە، لە (ش خ) و (د ب) دا، جێناو و ناوی کەسی و گشتی وئامرازی نیشانە بەشداریدەکەن، بەڵام ئەوەی (ش خ) لە (د ب) جیادەکاتەوە، ئەوەیە مۆرفیمی ڕێزمانیی توخم ڕۆڵێکی کاریگەر لە دیاریکردنی توخمی ناو و جێناوەکان دەبینێت ، بەڵام لە ( د ب) دا، تەنها بەشێوەی لێکسیکی لە جێناوی کەسی سێیەمی تاکی مێ (She) و کەسی سێییەمی تاکی نێر (He) هەیە.

2-لە بارەی نیشانکاری شوێنیەوە، لە (ش خ) و (د ب) دا، ئاوەڵگوزارەی شوێن و ئامرازەکانی نیشانە و ئەوکارانەی واتای جولە دەبەخشن، بەشداری تێدادەکەن. لە (ش خ) و (د ب) دا، ئامرازەکانی نیشانە، کە دەبنە نیشانکار پشت بە جوڵە دەبەستێ، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دەوروبەری ئێستای ئاخاوتنە. هەروەها دەشێت ئاوەڵگوزارەی کات ڕۆڵ لە نیشانکاری شوێن ببینێت.

3-لە بارەی نیشانکاری کاتەوە، لە (ش خ) و (د ب) دا، ئاوەڵگوزارەی کات و کاتەکانی سەرەکی و لاوەکی و کاتەکانی سیمانتیکی و ڕێزمانی هەن، بەڵام ئەوەی (د ب) لە (ش خ) جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە لە (د ب) دا،ئامرازی نیشانە، جگە لە ڕۆڵ بینینیان لە نیشانکاری شوێن، ڕۆڵ لە نیشانکاری کاتیش دەبینن.

4-لە بارەی نیشانکاری کۆمەڵایەتییەوە، لە (ش خ) و (د ب) دا، نیشانکارەکان بە شێوەی لێکسیکی بەشداریدەکەن، بەڵام ئەوەی (د ب) لە (ش خ) جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە لە (د ب) دا،جێناوی کەسی دووەمی تاك (you) بۆ کۆ بەکاردێت، بەڵام لە (ش خ) دا، ئەمە نییە، هەروەها بە هۆی جیاوازی کولتووریی نێوانیان، چالاکییە زمانییەکانی وەکو هەڕەشە، سلاوکردن و دەربڕینەکانی سوپاسگوزاری لە هەردووکیاندا هەن، بەڵام ( ش خ) لەچاو ( د ب) دا، زیاتر بە کولتوورەکەیەوە پابەندە و کولتوورەکەی پارێزبەندیی تێدایە و زۆر بە دەگمەن هێلی سووری کولتووری دەبەزێنرێ، بەڵام لە ( د ب) دا، لە ڕووی کولتوورەوە پارێزبەندیی کەمترە لەچاو ( ش خ).

5-لە بارەی نیشانکاری دەقەوە، لە (ش خ) و (د ب) دا ،ئامرازەکانی نیشانە و ئاوەڵگوزارەی کات و ئامرازەکانی بەستن بەشداریدەکەن، بەڵام ئەوەی (ش خ) لە (د ب) جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە دەقەکانی(ش خ) بە شێوەی گوتنن، جگە لە نووسینە فۆلکلۆرییە نووسراوەکان، کەچی هی ( د ب)، هەم گوتن و هەم نووسینن.

## 5. سەرچاوەکان

1.5. بە زمانی کوردی:

أ–کتێب

1 -ئاڤێستا کەمال مەحموود (9 200) پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
2 -شێرزاد سەبری عەلی (2014) پراگماتیك، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
3 -عەبدولواحید مشیر دزەیی (2011) زانستی پراگماتیك، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاك، هەولێر.
4 -محەمەد مەعروف فەتاح (2012) زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 124، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
ب–نامەی زانکۆیی:
5-خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (2012) ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، نامەی دکتۆرا،فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.
6-هۆگر مەحموود فەرەج (2000) پراگماتیك و واتای نیشانەکان،نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سایمانی"
ب– بە زمانی عەرەبی:
7 -جاك موشلر و ان ریبول ، ترجمە: مجموعە من الاساتژە و الباحپین، مراجعە: خالد میلاد، منشورات دار سیناترا، تونس.
8 -محمد حسن عبدالعزیز (2011) علم اللغە الحدیپ، الگبعە الاولی، الناشر مکتبە الاداب، القاهرە.
پ– بە زمانی ئینگلیزی:
9-Anderson, S. R. and E.H. Keenan. (1985). “Deixis.” In Language Typology and Syntactic Description. T. Shophen (ed) Cambridge: Cambridge UniversityPress, Vol. III, pp. 259-308.
10-Aziz, Y. Y. (1989). A Contrastive Grammar of English and Arabic : HigherEducation Press.
11-Bedir, B. M. (1979). A Study of Demonstratives in Standard English and StandardArabic. Unpublished M.A. thesis. University of Baghdad.
12-Bronzwaer, W. J. M. (1975). “A Hypothesis Concerning Deictic Time Adverbs inNarrative Structures.” Journal of Literary Semantics, pp. 53-72.
13-Fillmore, C. J. (1975). Santa Cruz Lectures on Deixis 1971. Bloomington: IndianaUniversity Linguistic Club.
14-Halliday, M. A. K. and R. Hassan. (1976). Cohesion in English. London: Longman.Group limited.
15-Hurford, J. R. and B. Heasly. (1983). Semantics: A Course Book. Cambridge:Cambridge University Press.
16-Ikegami, Y. (1976). “Syntactic Structure and the Underlying Semantic Patterns: ALocalistic Hypothetic.” Linguistics, No. 170: pp. 31-44.
17-Kearns, K. (2000). Semantics. London: Macmillan Press, Ltd.
18-Levinson, S.C. (1979) Pragmatics and social deixis, in C. Chiarello (ed.) Proceedings of the Fifth Annual Meeting of the Berkeley Linguistic Society. Berkeley, CA: Berkeley Linguistics Society.
19…………. (1994). “Deixis.” In The Encyclopedia of Language and Linguistics. R. E.Asher and J. M. Y. Simpson (eds.), pp. 853-857.
20-Lyons, J. (1977). Semantics. Vol. II, Cambridge: Cambridge University Press.
21-Muhamad.M.Fatah,2009,M.A.Courses Lectures in College of Education,Suleymani University.
22-Palmer, F. R. (1981). Semantics. Cambridge: Cambridge University Press.
23-Poole, S. C. (1999). An Introduction to Linguistics. London: Macmillan Press Ltd.
24-Wales, R. (1979). “Deixis.” In Language Acquisition. P. Fletcher and M. Garman(eds.). Cambridge: Cambridge University Press, pp. 241-260.

دیدار

ناوی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە بە مەبەستی لێوەرگرتنی ڕستە لە

)ش خ:(

| ناوی سیانی | ساڵی لەدایکبوون | ئاستی خوێندن |
|---|---|---|
| 1 -ئەبوبەکر مستەفا شێخە | 1967 | نەخوێندەوار |
| 2 -ئیسماعیل خدر محەمەد | 1932 | نەخوێندەوار |
| 3 -برایم مەلا غەفوور | 1947 | نەخوێندەوار |
| 4 -بەسێ ئیبراهیم حوسێن | 1942 | نەخوێندەوار |
| 5 -برایم حەمەد تەها | 1932 | نەخوێندەوار |
| 6 -بورهان مستەفا ڕەشید | 1947 | نەخوێندەوار |
| 7 -حەلیمە ڕەشید ڕەسول | 1932 | نەخوێندەوار |
| 8 -حوسێن محەمەد قادر | 1946 | نەخوێندەوار |
| 9 -زوهریە حەمەد عەلی | 1950 | نەخوێندەوار |
| 10 -هەمین سالح ئەحمەد | 1931 | نەخوێندەوار |

## الإشارة ما بين اللغة الكوردية (لهجة محلية خوشناوتي) و اللغة الإنكليزية (اللهجة البريطانية)
## "دراسة مقارنة"

**الملخص:**

هذا البحث عنوانه هو "الإشارة ما بين اللغة الكوردية (لهجة محلية خوشناوتي) و اللغة الإنكليزية (اللهجة البريطانية)
الهدف منه دراسة أنواع مختلف التعبيرات الإشارية من اللغتين، ليميز التشابه والتباين بينهما. مفهوم الإشارة ظاهرة لغوية وتحتوي عدة تعبيرات، وتشمل الشخص، الزمن، المكان، الاجتماعي، والنص. وذلك يكون من خلال الإشارات التي لها دور في التكلم (التحدث). الإشارات يُعين عن طريق ضميرالشخصي وضمير الإشارة وظرفي الزمان والمكان وأزمنة الفعل و مصطلحات القرابة و....الخ. الإشارات تربط بين اللغة و المحيط (البيئة)، لإزالة الكدرة التي تكون في التعبير وتظهر عملية الفهم بشكل صحيح. هذا البحث يتكون من مقدمة و قسمين. بحث في المقدمة: العنوان، سبب اختيار العنوان، منهج البحث و مستواه، وحدود البحث و محتواه. سبب اختيار العنوان يعود إلي أن الإشارة في اللغتين الكوردية و الإنكليزية لم تقارن بينهما ولم تتطرق إليه يد البحث، وهذا البحث أيضا يساعد المتكلم باللغة الكوردية (لهجة محلية خوشناوتي)، لفهم اللغة الإنكليزية (اللهجة البريطانية) بشكل صحيح. منهج البحث، منهج وصف المزامن المقارن. مستوي البحث التداولية، لكن في حالة الضرورة دخل في الدلالة والنحو. حدود البحث يتناول لهجة محلية خوشناوتي و اللهجة البريطانية، من حيث الأمثلة (العينة) اللغوية، أخذت أمثلة (عينات) لهجة محلية خوشناوتي من المتكلمين بهذه اللهجة، في المقابل من اللغة الإنكليزية أخذت أمثلة (عينات) من مقول و مقروء اللهجة البريطانية .القسم الأول مختص ببحث الإشارة في اللغة الكوردية (لهجة محلية خوشناوتي) القسم الثاني مختص ببحث الإشارة في اللغة الإنكليزية (اللهجة البريطانية) والعناصر اللغوية التي تستخدم في تحديدهما، ومن ثم يتحدث عن الأهداف التي وصل إليها البحث، من خلال عرضه حالة التشابه والتباين ما بين هاتين اللغتين، اللغة الكوردية (لهجة محلية خوشناوتي)واللغة الإنكليزية (اللهجة البريطانية)، وفي النهاية عرضت قائمة المراجع .

**الكلمات الدالة:** الاشارة، الانكليزية، الكوردية، المكان، الاجتماعي، النص،الوقت.

## Deixis in Kurdish-Khoshnawaty Sub-dialect and English-British Dialect.
## (Acomparative study)

**Abstract:**

The title of the paper is "Deixis in Kurdish-Khoshnawaty Sub-dialect and English-British Dialect." The purpose is to study the deictic expressions between the two languages in order to show points of similarities and differences. The term deixis is a linguistic phenomenon which includes time, place, social, and text; these are expressed through deixis as they have roles in speech. The deixis are shown through personal pronouns, demonstratives, adverbs of time and place, tenses, and kinship terms. Deixis relate language and context so that they clarify the ambiguities and provide better understanding. The paper comprises of an introduction and two sections. The introduction mentions title, reason of choosing the topic, method, scope, and content of the paper. The reason behind choosing the title is that there has not been yet any comparative study of such kind between Kurdish and English, besides; the study paves the way for Kurdish learners of English to better understand English. The method of the research is synchronic, descriptive and comparative, and the level is pragmatic though it also uses semantic and syntactic level when necessary. The samples of Khoshnawaty sub-dialect were gathered from daily language speakers whereas those of British English were extracted from written resources. The first section describes deixis in Kurdish (Khoshnawaty Sub-dialect). The second section is devoted to deixis in English (British Dialect). This section mentions the use of linguistic elements. There is also a conclusion which demonstrates points of similarities and differences between the two languages. The paper ends with a list of references.

**Keywords:** Deixis, English, Kurdish, Place, Social, Text, Time